السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# خۆتان لە ستەمکردن بپارێزن، چونکە ستەمکردن تاریکاییە لە ڕۆژی قیامەتدا، وخۆتان لە ڕەزیلی بپارێزن

لە جابری کوڕی عبداللەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت:
«خۆتان لە ستەمکردن بپارێزن، چونکە ستەمکردن تاریکاییە لە ڕۆژی قیامەتدا، وخۆتان لە ڕەزیلی بپارێزن؛ چونکە ڕەزیلی بووە هۆی تیاچوونی ئەوانەی پێش ئێوە، وای لێیان کرد کە خوێنی یەکتر بڕێژن، وحەرامی یەکتر حەڵاڵ بکەن».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هۆشداری داوە لە ستەمکردن، لەوانەش: ستەمکردن لە خەڵکی، وستەمکردن لە نەفس، وستەمکردن لە مافەکانی خوای گەورە -سبحانه وتعالى-، ستەمکردن بریتیە لەوەی هەموو خاوەن مافێك ؛ مافی شایستەی خۆی پێنەدرێت، وستەمکردن تاریکارییە لەسەر خاوەنەکانی لە ڕۆژی قیامەتدا ؛ چونکە تووشی ناڕەحەتی وسەختی دەبێت، هەروەها نەهی کردووە لە ڕەزیلی ئەمیش بریتیە لە دەستگرتنەوە بەپەرۆشیەوە، ولەوانەش کەمتەرخەمی لە جێبەجێکردنی مافە داراییەکان وزۆر بەپەرۆشی لەسەر دونیا، ئەم جۆرە لە ستەمکردن بووە هۆی تیاچوونی ئومەتانی پێشوو، چونکە لەسەری یەکتریان کوشت، وئەوەی الله حەرامی کردبوو ؛ حەڵاڵیان کرد.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5787

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee